# پێنج پیاوی وەحشیی بووین

شیعری: ماردین ئیبراهیم

وەک ئەسپی بەر باران کاڵدەبنەوە
وەک شەمامەی پایز سیمایان دەژاکێت
لەگەڵ جەفادا پەیمان دەبەستن
لەگەڵ بێ مروەتییدا دەچنە سەنگەرێکەوە
دڵڕەقیی بە یەخەی چاکەتەکانیانەوە دەدرەوشێتەوە

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

حیکمەتیان بە سەر ئێوارەدا دەبەشییەوە
مەوعیزەی وەفایان دادەدا
دەعوەتیان دەکردین بۆ سەر خوانی فەزیلەت
کەچی ئێوارەیەک لەو کاتەی
مراوییەکان بۆ دارستان دەگەڕێنەوە
وەک ڕیشۆڵەی بەر هەتاو کاڵبوونەوە ..
وەک مردووی نیوەشەو سیمایان پەشۆکا

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

وەک گورگێکی هار باوەشم پێداکردن
وەک نێچیرێکی ماندوو سیمایان بزرکا
ماڵی ئەوان تا دوێنێ
بۆنی سپێدەی دووکەڵاویی گوندی لێدەهات
باوەشی ئەوان تا دوێنێ
بۆنی میسکی ئاسکە تەریوەکانی بیابانی لێدەهات
بە ئەسپایی بەسەر پشکۆکاندا دەڕۆیشتم
دەمگوت نەبا ئەوان خەبەریان بێتەوە
کەچی ئێوارەیەک، ئەوکاتەی خۆر بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە،
وەک بورکانێک باوەشم پێداکردن ..
وەک خەونێکی دوور سیمایان کاڵبۆوە

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

لە بابل هاتینەدەر ..
تۆزی ئەو شارەمان لە پێڵاوەکانمان تەکاند
زەردەپەڕ وەک ژنێکی نەخۆش لە سەر دەریا ڕاکشابوو؛
بەزەلیلیی لە دەرگای قەڵاکانمان دەدا.
سپێدە بە قورسیی بەسەر درەختەکاندا بەردەبۆوە؛
ئێمەش لە کووچەی شارە دڵڕەقەکان دەرۆزەمان دەکرد ..
دەمانگوت کێ سۆراغی برادەرەکانمان دەزانێت!
برادەرە وەحشیەکانمان!

پێنج پیاو بووین دەگریاین
پێنج ئەسپی ماندوو بووین
زەمین گوناهەکانی خۆی لێ بارکردین.
وەک پێنج دەروێشی کفت
سەرمان بە ئاگردانی گوندە قوڕاوییەکان دەکرد و
دەمانگوت؛ دریغا ... دریغا ... یا مەولا، یا مەولا
ڕۆژە دوورەکان چیان لێهات؟ ڕۆژە دوورەکان ..
ڕۆژە دوورەکان
پێنج قەلەندەر بووین لەم خاکە ڕووابوین ..
شار مزگەوتەکانی خۆی بەڕوودا داخستین

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

پێنج ڕاوچیی دەستبەتاڵ
سەرمان بە تیروکەوانەکانمان کرد و خەو بردینییەوە
خەومان بەو ڕاهیبانەوە دەبینی ..
لە دێرێکی دووری ئەوسەری دنیا ..
گوڵە زەنبەقەکانیان ئاو دەدا
هاوارمان دەکرد ... هێ ی ی ی
ئێوە کە لەوسەری دنیان، لەو شوێنەی زەمین کۆتایی دێت ..
چۆنە زەنبەقەکانتان بیرناچێت؟!
ئێوە لە چ مەعدەنێکن ئەی بەچکە ژیژکە میهرەبانەکان؟!
بە گریانی خۆمان خەبەرمان دەبۆوە

خەونەکانمان بۆیەک دەگێڕایەوە
دەمانگوت چەند خۆشبوو جیرانی ئێمە بان ئەو ژنانە! ..
چەند خۆش بوو میوانی ئێمە بان!

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

پێنج سەگی پیر بووین، حەزمان دەکرد لەسێبەری
حەوشەی ماڵی "کراس ڕەش" دا بخەوین
منداڵترینمان، فەهیمترینمان بوو ..
ئەوەی لە هەموومان پیرتر بوو،
عاشقترینمان بوو ..
لە هەمووومان حەکیمتر، دێوانەترینمان بوو.
ئێوارە بەو هەموو پیرییەی خۆیەوە شەرمی لە ئێمە دەکرد
دەمانگوت باخەوان ئێمە غەریبین، ماڵی "کراس ڕەش" لە کوێیە؟!
لە هەمووومان بەرێتر، خوێنرێژترینمان بوو ..
لە هەمووومان کێوی تر، نیانترینمان بوو.
تا گەیشتینە کراس ڕەش، وەک فانۆسی ڕاوچییەکان شکاین ..
وەک ئاگرۆچکەی قەرەجەکان بووینە خاشاک ..
وەک تروسکەی دووری سەر بەلەمەکان کوژاینەوە.

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

خوا دێوانەکانی خۆی بۆ وا لێدەکات؟!

کوڕەکانی خۆی بە دووریی سزا دەدات

بە غوربەت تەقە لە کەرویشکەکانی خۆی دەکات

کۆترەکانی خۆی بە فێڵ بۆ ئاسمانە دوورەکان دەنێرێت

خوا نێچیرەکانی خۆی بۆ وا لێدەکات؟!

وەک سەگی کوێر لە دەریادا وونیان دەکات

وەک مارمێلکەی گێژ لە لمدا هەڵوەدا

وەک بەچکە بەرازی زامدار، لە بێشەڵاندا دەیانئێژێت.

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

پێنج یەکانەی بریندار بووین، لە بەفرا دەگەوزاین

دنیا ئەشکەوتەکانی خۆی بەڕوودا کڵۆم داین.

بە دارستاندا ڕاماندەکرد ..

گەنجێتییمان لە لقی ساڵەکان دەئاڵا ..

پرزۆڵی تەمەنمان

بەسەر نووکی ڕۆژە ڕەشەکانەوە بەجێدەما ..

لە نیشتیمان ڕاماندەکرد، دەتگوت لە "وەناق" ڕادەکەین

دەتگوت خۆمان لە تاعوونی وەرزە غەددارەکان دەشارینەوە

ئاگرمان بەردایە خەرمانی دراوسێ و ڕامان کرد

کراس ڕەش دەیگوت لەگەڵتان بەڕێدا نایەم

نایەمە هەرێمتانەوە

سێبەرم ناکەوێتە حەوشەتان

سەر بەماڵتاندا ناکەم

بمرن نایەمە تازیەتان

بەڵام ئێمە، منداڵە غەمگینەکانی خوا،

دەریا کەشتییەکانی خۆی بەڕوودا داخستین. .

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

پێنج پیاو بووین، خەنجەر لەژێر سەرینەکانماندا بوو و دەگریایین.

شەوێکی ناخۆش بوو!

مانگ دەیگوت: ئەو سەرمایە چییە بەربۆتە گیانمان؟!

ئەو تاریکییە چییە بەربۆتە ئەو چەمەنزارانە؟!

شەوێکی ناخۆش بوو!

ڕووناکیی وەک گورگێکی ژەهرخواردوو لە گیانەڵادا بوو

لە بابل هاتینە دەر

دڵمان وەک چۆلەکەیەکی تەڕ لە پەنا دیوارێک دانا

پێمان گوت تا دێینەوە

کراس ڕەش فڕێوت نەدات

کێ دەزانێ تۆ بە چ ئەڤینێک دەمریت، ئەی دڵ، ئەی دڵ؟!

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

دنیا .. ئەی دنیا!

میحنەتی خۆتمان لێبارکە،

وەک ئەسپێکی شەل پەتی نائومێدییمان لە ملکە

هەی دنیا دنیا

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

مێو بە لارەلار،
کە هێشتا سەرخۆشیی ئێوارە بەری نەدابوو
دەیگوت کراس ڕەش تۆ لە کوێی؟! خەونێکم دیوە ئەمشەو ..
"ئاگرێک بەربۆ دارستان
کراس ڕەش تۆ کە پێت دەڵێن "تاڵانکەری ئیمان"
لە هەیوانی خۆتانەوە سەیری ئەو ئاگرە گەورەیەت دەکرد
منداڵێک ڕایدەکرد بەسەر ڕێگایەکدا
من پرسیم ئەو ڕێگا تۆزاوییە کوێیە؟
تۆ دەتگوت ئەوە ڕێگای بابلە.
ئاگرێک بەربۆ دارستان،
منداڵێک بەناو دووکەڵدا ڕایدەکرد
من دەمگوت: ئەو منداڵە کێیە؟!
تۆ، کە لە هەیوانی خۆتانەوە سەیری ئەو قیامەتەت دەکرد،
دەتگوت ئەوە یۆحەننایە ..
ئەو کوڕیژگەیەی ئێوارەیەکی درەنگ
دوای نوێژی شێوان
گوندەکەی خۆی وون کرد!"

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

ئێوارە بوو، دارستان

به شەلە شەل بۆ ماڵی تاریکیی دەچۆوە

ڕەشەبا بە گورگەکانی شەوی دەگوت

لێگەڕێن با ئەو منداڵە وازییەکانی خۆی بکات

جۆگاکان دەیانگوت

کارژۆڵە وریابە! بەر لێزمەی تاریکیی نەکەویت.

قەوزە پەنجەکانی لە دەمیا بوو ..

لە باوەشی ڕوباردا نووستبوو

ئێوارەیەک وەک هەر ئێوارەیەکی تر

کە شەو بەسەر دارستاندا هاڕە دەکات

سێبەری قورسی شەو بە گیای دەگوت

کچم بۆ ناخەویت؟ سبەینێ زوو دەبێت هەستیت!

کراس ڕەش دەیگوت: کوڕم یۆحەننا کۆترەکان لە کوێن؟!

بەچکە تووک زەردەکان دەڵێم.

یۆحەننا جێمان مەهێڵە

تەمێک دایگرتووین یۆحەننا .. تەمێکی سەرشێت!

ئەگەر تۆ بڕۆی، ژیان قەوزە دایدەپۆشێت!

"ئەم بەلەمە بۆنی یۆحەنناى لێدێ"

بەتوندیی دەرگای سەردەفەکانمان ڕاوەشاند

وتمان: یاقووت .. بە سەری سپییەوە درۆمان لەگەڵدا مەکە

بەسەر دەست و پێی مەرجاندا کەوتین

وتمان مەرجان .. بێ مروەتیی لە خانەدانەکان نایە

بەلەمەوانەکان دایانە پێکەنین:

"ئێمە یۆحەننا ناناسین"

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

ئێوارەیەکی تاڵ بوو

تاریکیی وەک سەگێکی پیر هانکە هانکی بوو.

پێنج پیاو بووین

سواری قافڵەیەک بووین

چراکەی دەستمان وەک پەرداخێک ژەهر دەلەرزی

کاروانچییەکان پرسییان

ئێوە کە کەڵبەکانتان بە خوێنە، بۆ دەگرین؟!

هاوارمان کرد، ئەم خاکە ئێمەی ناوێت ..

زیندەگیی ئێمەی ناوێت

پێنج بەچکە پشیلەی هەتیوین

بەسەر زەویدا بڵاوبووینەوە

بۆنی بارانی خاکە دوورەکانمان لێدێت.

پێنج بەچکە پشیلەی دەرکراوین

دنیا کولانەکانی خۆی بەڕوودا داخستوین

سواری قافڵەیەک بووین ..

تفەنگەکانی دەستمان

وەک پەرداخێک مەی دەلەرزین.

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

توو ئاسمان لەپەنا ئەو دارانە وەرە دەرێ

یۆحەننا بەرخۆلەی دایەی!

دەزانم هەر ئێستا وەک کرمێکی ڕەنگاو ڕەنگ

لە ژێر گەڵایەکدا دێیتە دەرێ و دەڵێیت .. هێ ی ی دایە!

دەزانم هەر ئێستا بە گیانی قەوزاوییەوە

وەک فەرخە بۆقێک لە دواوە چاوەکانم دەگریت ..

دەزانم تۆیت، سوور دەزانم

بەڵام هەر بەئەنقەست دەڵێم "ئۆفیلیا"یت؟

تۆش سەرت بادەدەیت .. دەڵێیت همءء همءء

هەر بەئەنقەست دەڵێم: پەترۆسیت، دەزانم پەترۆسیت

تۆش وەک ماسییەکی سور هەڵدەبەزیتەوە و دێیتە بەردەمم

پێدەکەنیت: هێ ی نەتزانی .. نەتزانی، یۆحەننام

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

وەک خەنجەرێک لە دڵی ئەودا وون بووین

وەک ئەستێرەیەک سپێدەی ئەو لەخشتەی بردین

وەک شازادەیەک بە ئەڤینی ئەو مردین

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

لە بابل هاتینەدەر
خۆمان لە ژەهر و گومڕایی هەڵکێشا
پارشێوان دەچووینە گۆڕستان
ڕۆژی شەممان بە لای ماسییەکاندا دەڕۆیشتین
شمشێرمان بە ڕووی دارستاندا هەڵکێشا.
پێنج پیاو بووین
یەکێکمان لە مزگەوتی کووفە لە نوێژدا کوژرا
یەکێکمان لە نەیشاپوور مردنی خۆی بە خەون بینی
یەکێکمان لە دارستاندا وون بوو .. ماڵی خۆیانی هەرگیز نەدۆزییەوە ..
زمانی دایکی بیرچووەوە
یەکێکی ترمان کەوتە داوی ژنانی "کۆرنسۆس"
ئەوی تریشمان چەتەکانی دەریا لە "غەرناتە" کردیان بە کۆیلە

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

نیوەڕۆ بەو تەوەزەلییەی خۆیەوە ..
ئێوارە بەو ساویلکەییەی خۆیەوە ..
شەو بەو هەموو پیریەی خۆیەوە دەیانزانی
ئەو خاکە ئێمەی ناوێت

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

وەک خەنجەرێک پشتمان کردە برینەکان و گریاین

وەک گوللەیەکی پەشیمان بە دڵدا ڕابوردین
بە ئەسرینی هاوڕێ خنکاوەکانمان خۆمان گەرم دەکەینەوە
"جا وەحشییەکان بە ئەسرین گەرم دەبنەوە؟!"
بە بیرەوەریی برادەرە کوژراوەکانمان
ئەم غەریبییە ژیر دەکەینەوە
"جا غەریبیی ژیر دەبێتەوە؟!"

☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼ ☼☼☼

ئابی 2005
mardin_ibrahim@yahoo.com